هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 54

سالّ/ 2009 – بەرگی پەنجاوچوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2009

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/8/20 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/8 ل 39

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/9 ل97

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/15 ل 155

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/16 ل213

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/10/6 ل221

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/10/19 ل 245

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/21 ل 273

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2009/10/26 ل 339

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/28 ل 441

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2009/11/15 ل 487

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/11/17 ل 569

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/12/2 ل 585

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/15 ل 591

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/29 ل 641

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 26\10\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2009/10/26

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2009/10/26 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (8)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2009/10/26 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**كۆبوونەوەی یەكەم، كۆبوونەوەی دووەم:**

**1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی كوردستاندا.**

**2- خوێندنـەوەی یەكەمی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**كۆبوونەوەی دووەم:**

**1- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هەڵوەشـاندنەوەو لێكـدانی هەنـدێ وەزارەت لـە هـەرێمی كوردستاندا.**

**2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**3- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی شەشـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەکـەم، خـولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (8)، رۆژی دانیشتن 2009/10/26، بەرنامەی کار:

ئەم دانیشتنەمان دوو کۆبوونەوە دەبێتن، کۆبوونەوەی یەکەم، کۆبوونەوەی دووەم:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی کوردستاندا.

2- خوێندنـەوەی یەکەمی پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

کۆبوونەوەی دووەممان هەر ئەمڕۆ:

1- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژە یاسـای هەڵوەشـاندنەوەو لێکـدانی هەنـدێ وەزارەت لـە هـەرێمی کوردستاندا.

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی شەشـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان فەرموو بۆ شوێنی خۆیـان، فەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێسـتا دەقـی داواکـاری ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمانتان پێشـکەش دەکـەین، سـەبارەت بـە هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێك لە وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

ب/ پرۆژەی یاسا

سلاو و رێز.

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاڵە کردووە بەناوی پرۆژەی یاسـای هەڵوەشـاندنەوەو لێکدانی هەندێك وەزارەت لـە هـەرێمی کوردسـتان، تکایـە بخرێتـە بەرنامـەی کـاری کۆبوونـەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ رێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە:

1- شێروان حیدری.

2- عەونی بەزاز.

3- رۆژان دزەیی.

4- سۆزان شهاب.

5- تارا تحسین.

6- دانا سعید.

7- دڵشاد شهاب.

8- شۆرش سید مجید.

9- بکر کریم.

10- حسن محمد سوره.

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

## پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا
## یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2009

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوەو هەموو کەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستانداو بەپێی یاسا دەستکارییان دەکات.

یەکەم/ وەزارەتی مافی مرۆڤ.

دووەم/ وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

سێیەم/ وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی گواستنەوەو وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن).

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی وەرزش و لاوان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

**ماددەی حەوتەم:**

ڕێکخستن و هەیکەلی وەزارەتە لێکدراوەکان بەپیاسا ڕێکدەخرێنـەوەو کـار دەکـرێ بـەو پێـرەو ڕێنماییانـەی کـە لـە بارەیانـەوە دەرچوون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرمووو بۆ خوێندنەوەی یاسایەکە بە زمانی عەرەبی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## مشروع قانون الغاء ودمج بعض الوزارات في الاقليم

## قانون رقم ( ) لسنة 2009

**المادة الاولى: تلغى الوزارات المذكورة ادناه وتؤول كافة موجوداتها وحقوقها والتزاماتها الى مجلس وزراء الاقليم ويتصرف بشأنها وفق القانون.**

**اولاً/ وزارة حقوق الانسان.**

**ثانياً/ وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.**

**ثالثاً/ وزارة البيئة.**

**المادة الثانية:**

**تدمج وزارة النقل و وزارة الاتصالات في وزارة واحدة بأسم (وزارة النقل والاتصالات).**

**المادة الثالثة:**

**تدمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة بأسم (وزارة الزراعة والموارد المائية).**

**المادة الرابعة:**

**تدمج وزارة الثقافة و وزارة الرياضة والشباب في وزارة واحدة بأسم (وزارة الثقافة والشباب).**

**المادة الخامسة:**

**تدمج وزارة البلديات و وزارة السياحة في وزارة واحدة بأسم (وزارة البلديات والسياحة).**

**المادة السادسة:**

**تدمج وزارة التجارة و وزارة الصناعة في وزارة واحدة بأسم (وزارة التجارة والصناعة).**

**المادة السابعة:**

**يعاد تنظيم وهيكلة الوزارات المدمجة بقانون ويعمل بالانظمة الصادرة عنها لحين صدور مايحل محلها.**

**المادة الثامنة:**

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئەم پرۆژە یاسایە دەدرێتە گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی، هەرچەند لە سندووقی پۆستەی ئەندامانی پەرلەمان دانرا، بەلأم جارێكی تر پێتان دەدرێتەوەو دیراسەی بكەن، بۆ ئەوەی لە كۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان گفتوگۆی لەسەر بكرێت، نوقتەی نیزامی فەرمووو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە هەڵەیەك هەیە لە نووسینەوەی ماددەی سێیەم وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان نووسراوە، بەلأم لە پرۆژەكە بەناوی سەرچاوەكانی ئاوە، هەروەها لە عەرەبیەكەش پێموایە وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئەوە كە دێت گفتوگۆی لەسەر دەكەین ماددە بە ماددە، ئینجا دەتوانن تەعدیلی بكەن و ئیزافەی بكەن و موناقەشەی لەسەر بكەین، لیژنەی یاسایی وەلأمتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا كاتی موناقەشە كردن نییە وەكو جەنابت ئیشارەتت پێدا، لەكاتی ئامادە كردنی راپۆرتەكان، ئێمە ئەو مولاحەزەیە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین و ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پرۆژەی ژمارە دوو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سلأو و رێزمان.

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاڵە کردووە بەناوی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.**

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە:**

1- **شێروان حەیدەری.**

2- **عەونی بەزاز.**

3- **رۆژان دزەیی.**

4- **سۆزان شهاب.**

5- **عمر نورەدینی.**

6- **بکر کریم محمد.**

7- **عماد محمد حسین.**

8- **ئاراس حسین محمد.**

9- **شلێر محمد نجیب.**

10- **عمر صدیق هەورامی.**

**ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:**

**پرۆژەی هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1994ی هەموارکراو.**

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2009**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2006 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:**

**ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێتەوە:**

1 - **وەزارەتی داد.**

2 - **وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.**

3 - **وەزارەتی ناوخۆ.**

4 - **وەزارەتی دارایی وئابووری.**

5 - **وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.**

6 - **وەزارەتی تەندروستی.**

من هيچ ناگۆڕم له مەوزوع، بەڵام لێرە لەناو نەسەکەدا فاریزەیەك دانـدراوە (بالانظمـة الصادرة) نابێت ئەو فاریزەیە لەو بەینەدا بێت، دوای ئەوە (لحين صدور ما يحل محلها) نابێت ، چونکە عادەتـەن ئـەوە دەبێـت (لحـين صـدور القـانون الجديـد)، بۆچی (لحين صدور ما يحل محلها)؟ مايحل محل النظام؟ يان، مايحل محلها كالقانون؟ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی وەڵامتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلە هەر قانون نیە، مەسەلەکە تەعلیمات و ئەنزیمەشە بەڕاستی، بۆیەش (لحـين صـدور مايحـل محلـها) هەمووی دەگرێتەوە، تەنها قانون ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

لايعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیار ناکرێت، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، چونکە ماددەکە ماددەیەکی ئاسایی و پرۆتۆکۆڵیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەس دەیەوێت قسە بکات؟ ماددەیەکی رۆتینیە، کاك  خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاربە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك، نەك بڕیار، بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئـەم یاسـایە نـاکۆك بێ، سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە بەڕێز لەڕووی زمانەوانیەوە دایدەڕێژینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە بە وەرگرتنی ئەو موقتەرەحە دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاودەکرێتەوە.

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر فى الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس دەیەوێت لەسەری قسە بکات؟ کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لەو دەقە غەڵەتێکی شائیع دەبینم کە لە هەموو قانونەکاندا هاتووە، ئەو پرۆژەی کەلەبەر دەستە و بەو شێوەیەی کە هاتووەڕاستیەکەی من پێم وایە لەڕۆژی نەشر کردنی تەنفیز دەکرێت نەك لەڕۆژی ئیسداری، بە پێی قانون ڕۆژی نەشرکردن جێ بەجێ دەکرێت، ئەمە ئەگەر غەڵەتێکی ئیملایش بێت جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست وەڵامی بۆ جەنابت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك قاعیدەیەکی عام ڕاستە لە تاریخی نەشرە، بەڵام لە قانونی نەشری قەوانین هاتووە دەتوانین تاریخێکی تر دابنێین بۆ زەرفێکی موعەیەن، چونکە بە پەلەیە و لەڕۆژی ئیسدار تەنفیز دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزداران کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە؟ ببورە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس. د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

بەهۆی ڕێکخستن و کەم کردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێك وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەت دا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسبابی موجبە تەنها بە کوردی نووسراوە پێ ڕانەگەیشتوون تەرجومەی بکەن، ئەگەر قسەتان لەسەری نیە هەموو پرۆژەکە لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاك حمە فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەکە ئەخیرەن دیسانەوە دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا پرۆژە لەگەڵ ئەسبابی موجبە ئێمە مادده مادده نا، نا، شتی وا نیە، خرایە دەنگدانەوە، ئەسباب موجبە لەگەڵ گشت پرۆژەکە، خرایە دەنگدانەوە، بەکۆی دەنگیش پەسند کرا، کێ لەگەڵ دایە؟ تەواو بوو، تەصویت کرا بە زۆرینەی دەنگ، ئێستا بۆ لیژنەی یاسایی، بۆ پرۆژەکەی تر، کەرەمکە فەرموو، بۆ کۆبوونەوەی دووەم لە دانیشتنی ئەمڕۆمان، دانیشتنی ژمارە (8) خاڵی (2)، خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە (3) ساڵی 1992 ی هەموارکراو، لیژنەی یاسایی کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی ڕاپۆرتەکە لە لایەن ئەندامانی لیژنە دەخوێندرێتەوە بە زمانی کوردی، پاشان دەست دەکەین بە موناقەشەکردنی بڕگە بە بڕگەی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا لە ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی 26-10-2009، بەرامبەر بە 4ی گەلاڕێزانی 2709ی کوردی، بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەی هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (8)ی ڕۆژی دووشەممەی بەرواری 26-10-2009، دوای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە، لیژنەکەمان بە زۆرینەی دەنگ پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە کابینەی نوێی حکومەت دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە هەندێ لە نوسخەکان ناوی وەزارەتی داد هاتیە بە وەزارەتی داد و داواکاری گشتی، خۆی ڕاستیەکەی وەزارەتی دادە، ئەمە یەك، دوو: ئێمە لە لیژنەی یاسا، بە تێکڕای ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئەو پرۆژەمان خوێندەوە و، موناقەشەیەکی ئەوتۆمان لەسەر نەکرد، چونکە ئێمە پێمان وابوو لە لیژنەی یاسایی، ئیلغا کردنی هەندێك وەزارات، دەمج کردنی هەندێك وەزارات، ئەوە پەیوەندی بە پرۆژەی یەکەمەوە هەیە، کە لە پرۆژەی یەکەم دەنگی لەسەر درا، مەعنای ئەوەیە دەبێت موناقەشات بە نیسبەت ئەو پرۆژەیە کەمتر**

بكرێتەوە، ئەمە تەنها بۆ تەوزیح بوو، چونكە ئیستیقراری ڕەئیەك هەیە لەسەر مەوزووعەكە، بۆیە من ویستم تەوزیح بكەم، زۆر سوپاس.

المادة الأولى:

تلغى المادة التاسعة المعدلة من قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (3) لسنة 1992 المعدل بالقانون رقم (1) لسنة 2006، و يحل محلها مايلي:

يضم مجلس الوزراء الوزارات التالية:

1- وزارة العدل

2- وزارة شؤون البيشمركة

3- وزارة الداخلية

4- وزارة المالية و الإقتصاد

5- وزارة الثروات الطبيعية

6- وزارة الصحة

7- وزارة التربية

8- وزارة الإعمار والإسكان

9- وزارة البلديات و السياحة

10- وزارة التعليم العالي و البحث العلمي

11- وزارة التخطيط

12- وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية

13- وزارة الثقافة و الشباب

14- وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين

15- وزارة الزراعة و الموارد المائية

16- وزارة الصناعة و التجارة

17- وزارة النقل و الإتصالات

18- وزارة الأوقاف و الشؤون الدينية

19- وزارة الكهرباء

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

**ماددەی (9)یەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی سالّی 2006 ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی سالّی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:**

**ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێتەوە:**

**1-وەزارەتی داد**

**2- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە**

**3- وەزارەتی ناوخۆ**

**4- وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**5- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان**

**6- وەزارەتی تەندروستی**

**7- وەزارەتی پەروەردە**

**8- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون**

**9- وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار**

**10- وەزارەتی خوێندنی بالّا و توێژینەوەی زانستی**

**11- وەزارەتی پلاندانان**

**12- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی**

**13- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**14- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**15- وەزارەتی کشتوکالّ و دەرامەتیە ئاویەکان**

**16- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی**

**17- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**

**18- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**19- وەزارەتی کارەبا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس موناقەشەی هەیە لەسەر ئەمە، تکایە ناوتان بلّێن، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل تەسجیل بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك حاکم ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووباره دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نوقتەی یەکەمجار، ئێستا ئێمە دەمانەوێ یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بگۆڕین، ئەم ئەنجومەنی وەزیرانەی ئێستا کە قائیمە، دەبن بەو وەزارەتانەی ئێستا؟ ئەی باس لەو وەزارەتانەی تر نەکراوە چیان لێ دێت؟ کە ئێمە ئەمانە ئەگۆڕین ئێستا، ئێستا ئێمە ئەنجومەنی وەزیرانمان هەیە بە تەرکیبەیەکی تر، بە پێی قانونێکی تر کۆمەڵێ وەزیری تری تێدایە، ئێستا کردمان بەمانە، ئەی مەصیری وەزیرەکانی تر چیان لێ هات؟ وەزارەتەکانی تر چیان لێ هات؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی جوابی ئەو ڕایە بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش ئێمە وەڵاممان داوە، ئێمە کە پرۆژەکەی ترمان پەسند کرد ئەو مەسەلانە کۆتایی پێ هات، دوو: من لە کاک حاکم ڕزگار دەپرسم، باشە ئەگەر ئەو ئیلغایەمان نەکردبا، ئەو (19) وەزارەتەمان پەسند بکردبا مەوزووع چی دەبوو؟ بززەبت ئەوە عەکسی جەنابت دەڵێی بەو شکلە دەبوو، کەواتە ئەبێ ئێمە لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران ئەو وەزارەتانەی کە تەسبیت دەبێ، ئەبێ ئێمە لە ماددەکە تەسبیتی بکەین، ئەوەی کە ئیلغایە دەرمان هێناوە، واتە پەسندکردنی پرۆژەی یەکەم وا دەکات کە وەزارەتەکان ساف بچنە ناو قانونی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992، کەواتە ئێستا تۆ پاش ئەوەی کە ئەوە پەسند دەکرێ قانونی ئەنجومەنی وەزیران بخوێنیەوە، مەعنای وایە ئەم (19) وەزارەتەی لە خۆ دەگریتەوە، ئەوانی تر لەخۆناگرێتەوە، چونکە ئێمە بە بڕیارێکی پەرلەمان ئیلغامان کرد و ئەوی تریشمان دەمج کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەیەك لەسەر قسەی کاك شێروان، بە تایبەتی ئێمە ماددەیەکمان دانایە، ماددەی دووەم، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ، واتە لەوێ حەسممان کرد، ئەوەش هیچ ماددەیەکی قانونی نابێ موعارەزەی ئەو قانونە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکە کاك حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێم وایە دەبێ بە پێی یاسا، ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی وەزیرانی پێکهێناوە لە (27) وەزارەت، ئەبێ ئەوە هەڵبوەشێتەوە و لێرە دەنگی بۆ بدەین، دووەم: یاسای ئەنجومەنی وەزیران ئێستا دیار نیە لەبەردەمی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان، سێهەم: مولاحەزەم ئەوەیە، ئایا پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیران هەر وەزیرەکان دەگرێتەوە یان سەرۆك و جێگرەکەی؟ بۆیە دەبێ لێرەش ئەوەی تیا بێت ئەگەر ئەوانە بگرێتەوە، خاڵێکی کە: ئەو هەیئەت و دەزگایانەی کە ئیلغا

بوونەتەوە ئەگەر دروست دەکرێن ئەبێ لێرە شوێنیان دیار بێ؟ ئایا بە پلەی وەزیرە یان بە پلەی وەزیر نیە؟ چونکە دواتر ئەنجومەنی وەزیران بۆی نیە بە ئارەزووی خۆی لە یاساکە دایبنێ یان دایـنەنێ و، مـن پێشـنیار ئەکـەم و پێموایـە کـە ئێمـە پێویستە تەرشیقێکی وەزاری لە ژمارەی ئەو وەزارەتانە بکەین کە لێرەدا هەیە، چونکە وەك دەبینین لـە وڵاتـانی دونیـا، چ لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتووان؟ چ لـە ڕووی ڕووبـەری جوگرافییـەوە، زۆر وڵات هەیـە (10) ئەوەنـدەی ئێمەیـە (14) وەزارەتـی هەیە، یان (15) وەزارەتی هەیە بۆیـە پێشـنیار دەکـەم وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایـەتی یـان لەگـەڵ تەندروسـتی دا یـەك بگرێت، دەمج بکرێ، یـان لەگـەڵ وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان، ئـەوە تەرشـیقێکی جوانـە و موناسیبیشـە، هەردوو حاڵەتەکە موناسیبن و، هەروەها پێشنیار دەکەم، بەڕاستی وەزارەتی کارەبا.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبووردن دەکەم لە کاك محمد سعيد موفاتەعەم کرد، کاك شێروانیش ئیشارەی دا، ئێمـە ئێسـتا تەصویتێکمان کـرد لەسەر دەستنیشان کردنی ئەو وەزاراتانەی کە ئەمێنن و یان مەصیریان، بۆیە ئەم ماددەیە، موناقەشەی ئەم ماددەیە، بۆ ئەوە نیە ئێمـە موناقەشـەی وەزارەتـەکان بکـەین ئـەوە قانونێـك بـۆی دەرچـووە تێیـدا تەحدیـد کـراون، هـەدەف لـەم موناقەشـەیە ئەوەیـە، چـونکە ئێمـە یاسـایەکمان دەرکـرد تـەعریفی هەیکەلیـەتی حکومـەتمان کـرد، چـونکە دەقێکـی یاسـاییمان هەیـە، پێناسەیەکی تری هەیە، بۆیە دەبێ ئەم ماددەیەی هەیە، یان هەڵیوەشێنین یان بیگونجێنین لەگەڵ ئەو یاسایەی ئێستا ئێمـە پێش دوو دەقیقە دەنگمان لەسەر دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو یاسا دێن (لا يعمل بنص، نشره)، من تەصەور دەکەم مەزیعەت وەقتە، ئەگـەر ئێمـە هـەموو جـار بڵێین کێ لەگەڵە؟ بیخوێنینەوە، چونکە ئەوانە مەسائیلی پرۆتۆکۆلینە، پێشنیارە ئەوە، ئەوی تر من ئەڵێم نیزامیەکە بەو شێوەیە بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە پەرلەمانە، قانونێك دەنگتان بۆ دا، تەصویت کرا، قبوڵ کرا پـێش ئێسـتا، ئێسـتاش ئەمـە دێ موناقەشـە ئەکـەن، ئێـوە ئـازادن لـە دەنگـدان هـەمووتان، ئەگـەر لـە دواوە ماددەیـەك دەرچـوو بـە عەکسـی ئەوەکەی تر، ئەوەکەی تر ئیلغا ئەکرێتەوە، بۆیە ئەمێنێ بۆ تەسویتی ئێوە، ئەگەر ئەکسـەریەتی پەرلـەمان ئێستا لەسەر ئەم ماددەیە کە موتەئەخیر ترە لەوەی پێشی ئێستا، ئەتوانی ئیلغـای بکەیتـەوە، بـەڵام ئەگـەر باوەڕتـان بـە بیروڕاکـانی خۆتـان هەیـە، وەکـو ئـەوە ئـەمێنێ ئـەوە هـەروەها ئـەمێنێت، بۆیـە زۆر تەبیعیـە موناقەشە بکەن و ڕەئی خۆتان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ، چوار مولاحەزەم وت سەرەتا، دوواییش وتم تەسمیەی یەکەم لەسەر قسەکەی جەنابت، چونکە ئەمە دوو پرۆژەی جیان، لە ڕووی قانونیەوە ئاساییە، ئەم موناقەشەی وەزارەت وەزارەت بکرێ، تەرشیقات باس بکرێ، ئەمە تەناقوزی نیە لەگەڵ ئەوەی پێشوو دا لە ڕووی لائیحەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەوەی کە ئەگەر یاسایەکی نوێ بێت بۆ ئیلغا کردنەوەی یاسای پێشوو، بێگومان ئێوە لەو پرۆژە یاسای کە پێشنیاز کراوە، نووسراوە ماددەی یەکەم، ماددەی (9)یەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2006 ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە، واتە ئەم پرۆژەیە لە کاتی تەصویت کردن تەنها ئەو مادده (9)یە لە خۆیەوە هەڵدەوێشێنرێتەوە بە تەصویت، واتە تەسویت دان لەسەر ئەم پرۆژەیە، یاخود لەسەر ئەم برگە و ماددەیە صەراحەتەن یان زمنەن کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەکە، ئەم ئیلغاکردنەوە دوو جۆرە ئیلغاکردنەوەمان هەیە لەم پرۆژە دا صەراحەتەن ئیشارەتی پێ ئەدرێ چونکە دوایی دەنگدان هەیە لەسەر ئەوەی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ و، زمنەن پەسندکردنی ئەم برگەیە، تەعدیل کردنی ئەم برگەیە، ماددەی (9)یەم ئەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ماددەی پێشوو، لە غەیری ئەم حاڵەتە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەموارکراو وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، ئەم تەعدیل کردنە تەنها تایبەتە بە هەموارکردنی ماددەی (9)یەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک سالم، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووبارە تەئکید دەکەمەوە سەر ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری، وابزانم ئابووری پێویستی پێ نەما کە لەوێ بمێنێتەوە و، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش، کار نەهاتووە لە تەرجومە کوردییەکەی، ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فرست موداخەلەیەکی قانونی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی صەریح لە نیزامی داخیلی دا هەیە، مەوزووعەك تەصویتی لەسەر بکەی نابێت جارێکی تر بێی دەرگای موناقەشەی بۆ بکەیەوە، مەوزووعی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتەکانی تر، تەصویتمان لەسەر کرد، پرۆژەکەی هێشتا لەبەر دەستمانە، تەواو بوو، نابێت جارێکی تر موناقەشەی لەسەر بکەین، ئینتیهائی هات، ئەو ناوانە ئەوی لەو ماددەیە سێ نەوعە ناون، هەندێك لەغوو بوون، هەندێك مان، ناتوانین جارێکی تر مەوزووعی موناقەشە لەسەر بکەینەوە، هەندێ وەزارات دەمج بوون، جارێکی تر ناتوانین موناقەشەی لەسەر بکەین، هەندێ وەزارەت وەك خۆ ماینە، هیچ پێشنیازێك نیە، داواکردنێك نیە، کە ناوی وەزارەتەکە بیگۆڕی، یەعنی بە ڕەئی من، وە لەو من مافی دەنگدان و موناقەشە لە ئێوە وەرناگرم، حەقم نیە، بەس بە ڕەئی من مەفرووزە ئەو ماددەیە ئیعتیادی بەڕێوەچووبا، چونکە خولاصە و نەتیجەی پرۆژەی یەکەمە، خولاصە و نەتیجەی هاتە بینا کردن لەسەر پرۆژەی یەکەم، ئەوە بەس بۆ ئەوەیە ماددەی (9) لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەی ئەوەل، ئەوەی تەصدیقمان لەسەر کردووە پێش ئێستا، بیخەینە جێگای ئەو ماددەیە، نە کەم نە زیاد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، نوقتەی نیزامی، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە لە پێش دا ئێمە قسەیەك بکەین لەسەر تەصویتی ئەوەی ئێمە ڕازین بەوەی 19 بێ، یان کەمتر بێ؟ چونکە ئێمە هەدەفێك هەیە هەمووومان پێمان وایە ئەبێ زیاتر ئەم حکومەتە نوێ یە کەمتر بێ وەزارەتەکانی، با لە سەرەتا دا تەصویتێك بکەین لەسەر عەدەدی وەزارەتەکان، ئەمە یەك، دوو: ئێمە قسە ناکەین لەسەر دەمج کردنی ئەوانەی پێشوو، ئێمە قسە لەسەر شتی تر بکەین ئەگەر هەبوو، پێموایە ئەوە عەکسی، یەعنی دژایەتی یەکتر ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با وەڵامێ بدات، کەرەمکە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی من یەك تەوزیحم هەیە، تەوزیحەکەشم ئەوەیە، پەسندکردنی پرۆژەی یەکەم زمنەن پەسندکردنی پرۆژەی دووەمە، ئەوە مەخڵەصی قسەکانە بەڕاستی، ئێستا ئەمن سەر لە نوێ بێم، دووبارە ئەم وەزارەتانە بدەمەوە تەصویت، خیلافی تەصویتی یەکەم، ئەوە بەڕاستی وارید نیە و موخالیفی نیزامیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

دیارە لە كاتی موناقەشە كردنی پڕۆژەی یەكەم دا من چەند پێشنیارێكم هەبوو، هەر بەڕێزتان پێتان وتم كە ئەوە هەڵگرن بۆ پڕۆژەی دووەم، وەك ئەوەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و، تەئكیدیشم كردەوە وتم زۆر باشە ئەمە هەڵئەگرین بۆ موناقەشەی دواتر، بەڵام ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بخەنە دەنگدانەوە، لەسەر ئەو ئەساسە و، هەندێك وەزارەت هەیە لە پێشتر ناوی نەهاتووە، بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی هیچی موناقەشەی لەسەر نەكراوە و، ڕەنگە ئێمە ئیزافەمان هەبێ، بمانەوێ وەزارەتێك ئیزافە بكەین، بۆیە من پێموایە ئەو وەزارەتانەی كە پێشتر ناوی نەهاتووە و موناقەشەی لەسەر نەكراوە، نەخراوەتە دەنگەوە، ماڤی ئەوەمان هەبێ موناقەشەی بكەین، بەڵام ئەوانەی كە موناقەشە كرا و خراوەتە دەنگدانەوە ئەو مافەمان نەبێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتە نیزامیەكەت دروستە، وەزارە، وەزارە دێینە خوارەوە، ئەوانەی كە ئێستا ژمارە (1) وەزارەی داد، كێ لەسەر وەزارەتی داد موناقەشەی هەیە، لەسەر ئەو نوقتەیە، نوقتەی نیزامی؟ كەرەمكە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی كە ناوی هەر (19) وەزارەتەكە بە یەك ماددە هاتۆتە خوارەوە، باشترە موداخەلەكان ئەوانەی كە ڕەئییێكیان هەیە لەسەر كۆی ماددەكە، لەسەر وەزارەتەكان، چونكە كەمی ماوەتەوە ئەوەی كە لە یاسای پێشوو تردا، لە پرۆژەی پێشووتر دا باسی نەكراوە، بە كۆ قسە لەسەر ئەو وەزارەتە تازانەبكەین كە لێرە دا هەیە، نەك یەك یەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شاهۆ كەرەمكە، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پێشنیار ئەكەم، هەر ئەندامێ هەستا لەسەر كۆی ماددەكە قسە بكات، بۆ ئیقتیصادی لە وەخت دا، چونكە ئەگەر وابێ لەو بڕوایەم تەواو نابێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من زۆر سوپاستان دەكەم، من لەگەڵتانم، بەڵام ئەترسم تێكەڵی بكەن، بەس باشە، پەیام أحمد، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارێكمان هەیە، وەكو كوێستان خان باسی كرد، وەزارەتی كۆمەڵایەتی دەمج بكرێ لەگەڵ تەندروستی، بەڵام پێشنیارێكی ترمان هەیە، هەرچەند ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە وەزارەتەكان كەم بكرێتەوە، لەوانەیە ئەم قسەی من تۆزێ پیاوان تووشی ئەوە بكات، بەڵام پێم باشە وەزارەتی ژنان ئیزافە بكرێت، چونكە باش ئەزانین ژنان لەم هەرێمە دا چەند گرنگە، چەند كێشەی زۆرە، هەر وەزارەتێ لەم

وەزارەتانـە دیـارە ژنـی تیایـە، بـەڵێ، بـەڵام هـەر ژنێـك لـەم وەزارەتانـە كێشـەی خـۆی هەیـە، حـەق وایـە وەزارەتێكی تایبەت بكرێتەوە بۆ ژنان، بۆ ئەوەی زیاتر داكۆكی لە مافەكانی ژنـان و لـە كێشـەكانی ژنـان و، لەم زرووفەدا كە ئێمە ئێستا لە دونیا دا باسی توند و تیژی دژ بە ژنان ئەكرێ، ئەو ئیشانەی كـە بەرامبـەر بە ژنان ئەكرێ كەمی بكەینەوە لە ڕێگای ئەم وەزارەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەریمان عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ڕاستی دا ئیزافەم هەیە بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ، كە بە تەنها هاتووە، من پێم باشە، پێشنیارەكەم ئەوەیـە كـە وەزارەتـی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی بێ، بۆچوونەكانیشم بۆ ئەوەی كە ئەو وەزارەتە دەسەڵاتەكانی فراوان تر بـێ، بـۆ ئـەوەی بتـوانێ لە چوارچێوەی كارەكەی خـۆی دا سـەیتەرەی تـەواو بكـات، كۆمـەڵێ هۆكـار و فاكتـەر هەیـە كـە لەوانـە خـۆی ئەبینێتـەوە بـۆ ئەوەی دەسەڵاتەكانی وەزارەت كەم نەبێتەوە، ئێستا تێكەڵاویەكی خراپ هەیە لە نێوان وەزارەت و دەزگاكـانی تـری هـەواڵگری دا لە هەرێمی كوردستان و، كاریگەری كردووە لەسـەر ناوبـانگی حكومەتەكـەمان و، دەزگای لابـەلا دروسـت بـووە كـە ئەمـەش ئاگردانێكی دروست كردووە بە جۆرێك لە جۆرەكان، بەڕاستی كە ئەمـەش بۆتـە هـۆی پێشـێلكردنی مـافی مـرۆڤ و بـەر تەسـك كردنەوەی ئازادییەكان و، لە كاتێك دا كە ڕووبەڕووی وەزیری ناوخۆ ئەبینـەوە، یـان هـەر لایـەنێك لـە لایەنـەكانی كۆمـەڵگای مەدەنی، وەڵامی پێ نیە، ئەو كار و ئیجرائاتانەی كە كراوە، لە دەرەوەی ئەو كراوە، لە كاتێكدا وەزیـری نـاوخۆ موكەلەفـە بـە پارێزگاری كردنی ئەمنی ناوخۆیی وڵات، بۆیە من پێم باشە ئاسایشی نیشتمانی بۆ زیـاد بكـرێ و، لـە ڕووی ڕۆتیناتیشـەوە لـە زۆر كێشە ڕزگارمان دەبێ، بە باشی ئیش و كارەكانی خەڵك و كارمەندان ئەنجام ئـەدرێ، ئێسـتا كێشـەیەكی زۆر گـەورە هەیـە لە نێوان هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش، بە تایبەتی ئاسایش و دەزگاكانی هەواڵگری تر كە لـە ڕووی ئیـداری و مەسـلەكیەوە لـە شوێنێكی تر تەرقیە و تەرفیعیان بـۆ دەكـرێ، لـە شـوێنێكی تـر ئـەوامر و فەرمانـەكانیان وەرئـەگرن و بەڕاسـتی تێكەڵاویـەك دروست بووە، ئەگەر بێتوو ئەمە بكەین، ئێمە ئەتوانین وەزارەت باشتر پـلان ڕێـژی بكـات لـەو حاڵەتانـە هاوكـاری بكـەین، بـۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نیشتمانی و، وەزارەت لە ئاست گۆڕانكارییەكانی ناوخۆ و دەرەوە بێ، ئـەتوانێ لـە ئاسـتی پێویسـت دا بێت و پێشكەوێ بە شێوەی هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی دونیا و هۆشیاری و مافـەكان دا، بـۆ ئـەوەی ڕزگارمـان بـێ لـە فرە وەزارەتیش و ناچار نـەبین لـە داهـاتوودا وەزارەتێكـی تـر دروسـت بكـەین بـۆ ئـەو دەزگایانـەی كـە لـە دەرەوەی وەزارەتـی ناوخۆ كار ئەكەن لە ڕووی ئەمنیەوە، كە ئێمە باسی تەرشیق ئەكـەین بـۆ ئـەوەی ئـەوەش نەیێتـە ئـاراوە، یـان هەنـدێك لـەو دەزگایانە، ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە، ئەو ئاژانسانەی كە دروست كراوە دەسـەڵاتی وەزیریـان پـێ دراوە و، بـە هـەمان شـێوە لـە بودجەكەشدا، بودجـەی وەزارەتیـان ئەگـەر بـە زیـاتر دانـەنرابێ و، هـەروەها گرنگـی ئـەبێ لـە كەمكردنـەوەی خـەرجی و بـە فیڕۆدانی داهات لەو حاڵەتەدا و، هەروەها ئەركی سەرشانی ئەنجومەنی وەزرانیشیان قوڕس كـردووە، ئێمـە لێـرە لـە پەرلـەمان دا گفتۆگۆمان كرد لەسەر كۆمەڵێ موئەسەساتی تر كە دروست ئەبێ، ئەنجومەنی وەزیـران لەوانەیـە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی بكات، ئەو دەزگایانەی ئەمنی بەڕاستی ئێستا ئەنجومـەنی وەزیرانیشـی نیگـەران كـردووە، بـە ئـەوەی هەنـدێ جـار نـاتوانن لـە ڕووی یاساییەوە تەعامولیان لەگەڵ دا بكەن، كە ئێستا كێشەی هەیـە ئەنجومـەن، لەبـەر ئـەوەی یاسایەكی تایبـەتیان نیـە كـە ئەرك و ماف و فەرمانەكانیان دیاری بكات و، هەروەها لە خراپی دوو ئیدارەییش ڕزگارمان ئەبێ لەم بوارە دا..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە ئێستا لەسەر وەزارەتەکان قسە بکە، مەچۆ سەر دوو ئیدارە و ئەم لاو ئەولا، ڕجائەن وەرەوە سەر مەوزووع.**

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**.........وەزارەتی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێ بە یەك وەزارەت بۆ ئەوەی زیاتر تەرشیق بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بدەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار کاروان صالح، فەرموو.**

**بەڕێز کاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر مەسەلەی وەزارەتی ناوخۆ من هەندێ تێبینیم هەیە، بەشێکیان کاك نەریمان کردی، بەڕاستی تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە تا ئێستاکە حەق نیە لێی ڕاکەین، یەعنی ئێمە کۆمەڵێك دام و دەزگای ئاسایش و ئەمنیمان هەیە کۆ نەکراوەتەوە لە چوارچێوەی وەزارەتەوە........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە شەرحم بۆ مەکە، چیت ئەوێ ناوەکەم بۆ تەرح کە، چونکە ئێمە لەسەر ناوەکە، ئایا وەکو ناوخۆ بمێنێ؟ ئاسایشیش لەگەڵی بێت؟ لا ببردرێ؟ شتی بخرێتە سەر؟ ئەوانەمان بۆ شەرح بکە، کەی هاتینە سەر یاساکەی کە پێیدا چووینەوە ئەوجا هەر چیت هەیە، پڕ بە دڵ خۆت.**

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆیە پێشنیار دەکەم وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی بێ، نەك بە تەنها وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار دانا سعید صوفی، فەرموو.**

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە سەرۆکی پەرلەمان قسەکەی من کرا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار سەروەر، فەرموو.**

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لەوانەی کە قسەیان لەسەر کراوە پێشتر بڕیاری لەسەر درا، پێویست ناکا، یاخود هەر جائیز نیە قسەی لەسەر بکرێتەوە، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە ئەمە دەکرێت بە بڕیارێك، دیسانەوە دێمە سەر ئەوەی هەڵە زمانەوانیەکانمان تێپەڕ نەکرێ.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەرە سەر ناوەکە، ڕجائەن، ناوەکەی ناوخۆیە برای من، ئەتەوێ ناوخۆ بمێنێ؟ نەمێنێ؟ ناوێکی تر لەسەری دابندرێ؟ ناوەکەم بۆ بڵێ، شەرحی زمانەوانی لەسەر ناو چیت ئەوێ؟

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە ئەوە دەبێت بە بڕیار وپاشان دەڕوا وەکو ئەوانی تر ڕۆیشتن، بۆیە دەیڵێم، بە نیسبەتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە، پێموایە وشەی کاروبارەکەی زیادە، خۆی هەر وەزارەتی پێشمەرگە بێ، بە نیسبەتی وەزارەتی ناوخۆوە، ئاخۆ وەزارەتی ناوخۆ چی دەگرێتەوە؟ ئێمە پێشتر چونکە وەزارەتی ناوخۆ بە جۆرێك بووە لەم دواییە، ئایا دەزگای ئاسایش دەکەوێتە سەر ئەو؟ یاخود وەکو دەستەیەکی تر تێی دەڕواندرێ؟ بە نیسبەت وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاریەوە، بە هەمان شێوە گەشتیارەکە ئەگەر هەوڵ بدەین تەسبیت بکرێتەوە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتیاری، بە نیسبەتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پێموایە لەوەشیان دا لە ڕووی زمانەوانییەوە کاری یەکەم زیادە، چونکە لە زمانی کوردی دا ئەگەر بڵێین وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕاسترە، چونکە دەڵێ (وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية)، کاری یەکەم ئەمە عەمەلە، بارەکە (شؤون) دەگرێتەوە، ئەگەر لە فەرهەنگەکان دا هەموویان سەیریان بکەین، لە زمانی کوردیش دا هەروا هاتووە، واتە عەرەبیەکەش ناشێوێت بە نیسبەتی ئەمەوە، سەبارەت بەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاویش لێرەدا کە هاتووە، لەمەشیان دا ئەگەر بێت و ئێمە یەکی بخەین، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە؟ یاخود وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاویەکانە؟ بە نیسبەتی ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیش بە هەمان شێوە لەو پاش و پێشەی هەبوو، قسەکەی من لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە ئەو هەڵانە دووبارە نەبێتەوە، کە یاساکان دوو یاسایە لە یەك ڕۆژ دەردەچێ و هەردووکی موتابیقی یەکدی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوە نیە، هەر ناوەکە بڵێین وا وانیە؟ باش، هەندێك موئەسەساتی ئەمنی هەیە، نەخراوەتە ناو چوارچێوەی قانونیەوە، زەروورە ئەو موئەسەساتانە بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی قانونیەوە، بەبڕوای من

باشتریش وایە چوارچێوەی قانونی بۆ ئەو موئەسەساتانە ناو وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە پشتیوانی ئەو ڕەئیە دەکەم کە بکرێتە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە لە ژمارە (3) وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر ئاسایشی نیشتمانی بۆ زیاد بکرێ پێم باشە، ڕوونیشی ناکەینەوە لەبەرچی؟ ژمارە (14)ش وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ئەگەر زیندانی سیاسیشی بۆ زیاد بکرێ پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت ڕێزدار إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گلەییەکم هەیە کە ئەبوایە ئەم یاسایە بەڕاستی لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزی بە موشارەکە بهاتایە، کاک شێروان جەوابی دامەوە، ئەڵێ: پرس و ڕا کراوە، بەڵام من نازانم چەند، جانبی دووەم ئەمە بەڕاستی مەجالی ئیختیصاصاتە، مەجالی ئیختیصاصات بە لایەنی کەم دەبوایە پرس بە لیژنەکان کرابایە، دیارە ڕاستە لیژنەکان سەرۆك و جێگر و موقەریری هەڵنەبژێردراوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە زەروورە بەڕاستی لایەنی کەم، پرس و ڕایەك لەگەڵ لیژنەکان بکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئەوە لێرە هەموو ئەندامانی هەموو لیژنەکان لێرەن، هەمووتان ڕەئی خۆتان ئەدەن بۆ ناوە و، سوڵتەش، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوە، حکومەتی تەصریف ئەعمال حەقی نیە مەشروع تەقدیم بکات بۆ تەغیرات و ئەوانە و، هی تازەش سوێندی نەخواردووە، پەرلەمان لەو بۆچوونانەی کە لەبەرچاوێتی، ئەو مەشروعەیان هێناوە و، ئێوەش ئەتوانن قەرار بدەن، ئەتوانن رەفزی بکەن، ئەتوانن ئەکسەریەتی ئەندامانی پەرلەمان، کۆمپلیت مەشروعەکان دەنگی بۆ نەدەن، ئەشتوانن قەبولی بکەن، ڕەئی هەر تاکێك لە ئێوەش جێگەی ئیحتیرامە و، هەمووشمان ئیحتیرامی ڕەئی ئەکسەریەت دەگرین، ئەکسەریەتیش ئیحتیرامی ئەوانە ئەگرێت کە بۆچوونی جیاجیایان هەبوو، مەعنای ئەوە نیە دژایەتیان کردووە، سوپاس بۆ جەنابیشت بۆ ئەوەی کە، تکایە بۆ داهاتووش هەمووومان فێربین، هەر کەسێ ڕەئی خۆی بەوپەڕی صەراحەت بدا، بەڵام بەرامبەر یەکتر ئەوە نەکەن، ڕێزدار کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی جەوهەریم هەیە سەبارەت بـە دێـری چـوارەمی مـاددەی (1)ەم، دەڵێ ئەنجومـەنی وەزیـران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێـت، ئایـا ئـەم وەزارەتانـە ئەنـدامن لـە ئەنجومـەنی وەزیـران؟ چـونکە ئەمانـە موئەسەسـاتن، باشـتر وایـە وەزارەتـەکانی حکومـەتی هـەرێم لـەم وەزارەتانـە پێـك بـێن، چـونکە ئەنجومەن ئەشخاص لەخۆ دەگرێ، ئەنجومەنی وەزیـران تەنانەت سەرۆکی حکومەت ئەندامە لە ئەنجومەنی وەزیـران دا، واتـە دەبـێ ئـەم تێبینیـە بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەرگیـرێ، سـەبارەت بـە تێبینیـەکانی تریشـم، قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پـرۆژەی یەکەم دا باسی چەند وەزارەتێك کـرا کـە هەڵدەوەشـێتەوە، وەکـو مـافی مـرۆڤ و، لـەو تەشـکیلەی ئێستاش کە لەو پرۆژە یاسایەی کە هاتووە، تەشکیلەی حکومەت وەزارەتەکانی پێك دێت لە (19) وەزارەت، بەو پێیە، بۆ نموونە، پێشوەخت وەزارەتێکمان هەبوو تایبەت بە کاروبـاری ژنـان و، هـەمووشمان کۆبـبووین لەسەر ئەوەی کـەوا هەنـدێك لـە کـاری ئـەو وەزارەتانـەی پێشوو کـە هەڵوەشـایەوە و، ئەوانـەی واتـا ناویـان هاتووە و ئەوەی ناوی نـەهاتووە وەك ژنـان، لـە هەیئەیـەکی سـەربەخۆی موسـتەقل ڕێـك بخـرێ، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم هـەر کـە تایبەتـە بێـرە لـە ماددەیـەکی سـەربەخۆ دا بـاس لـەوە بکـرێ کـە پێویسـتە ئـەو وەزارەتانەی کە هەڵوەشاوەتەوە و کاروبارێکی موختەص بوون بە ڕێکخسـتنی بـوارێکی تایبـەت لـە کۆمـەڵگا وەك مافی مرۆڤ، یاخود ژنان، لە ئایندەدا لە شێوەی هەیئەی موستەقل دابمەزرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەندێك تێبینیم هەیـە لەسـەر هەنـدێك لـە وەزارەتـەکان، مولاحـەزەی خۆشـمان دا لـە کـاتی موناقەشـە کـردن لەگـەڵ برادەرانمان لە لیژنەی یاسایی، سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ، منـیش لەگـەڵ ئـەوەدام کـە ئاسایشـی نیشـتمانی بـۆ زیـاد بکـرێ، وەزارەتـی تەندروسـتی، کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی بێتـە سـەر، کـە ژمـارە (12) یـە لێـرەدا، واتـە وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی نـەمێنێ، بچێتە سـەر وەزارەتی تەندروسـتی، هـەروەها وەزارەتـی خوێنـدنی باڵاو توێژینـەوەی زانسـتی لەگـەڵ وەزارەتـی پـەروەردە دا بـێ، وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان، زینـدانی سیاسیشـی بـۆ زیـاد بکـرێ، هـەروەها وەزارەتـی کارەبا، ووزەشـی بـۆ زیـاد بکـرێ، چونکە پێشـان پیشەسازی و ووزەمـان هـەبوو، ووزەش لەگـەڵ کارەبـا دا جێـی بـۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەڕێزانەی پێش مـن باسـی ئـەوەیان کـردووە، وەزارەتـی نـاوخۆ، ئاسایشـی نیشـتمانی لەگەڵ بێت، ئەوە هەر بۆ تەئکیـد منـیش پشـتگیری ئـەو ڕەئیـە ئەکـەم، وەزارەتـی تەنـدروسـتی و کاروبـاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بێت، ئەوەش تەئیدی ئەوە دەکـەم و، تەئیـدی ئـەوەش دەکـەم لەبـەر گرنگـی مەسـەلەی ژنان، وەزارەتی ژنانیش ئیزافە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پشتیوانیم بۆ قسەکانی کاك حەمە سعید، سەبارەت بەو هەیئاتانەی کە پێشتر هـەبوون و، پلـەی وەزیریان پێ ئەدرا، کـە ئەوانـە لـەم پـرۆژە دا، لـەکوێ دا جێگـەیان ئەبێتـەوە؟ ئـەوەش پرسـیارە زیـاتر کـە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی دەکـەم بـەو ئیعتیبـارەی پرۆژەکـەیان ئامـادە کـردووە، ئێمـە پێشـتر لـە کابینـەی پێشووی حکومەتی هەرێم دا، کۆمەڵێك وەزارەتی هـەرێممان هـەبوو، ئـەو وەزارەتـی هەرێمانـە لـە ئێسـتا دا چیان بەسەر دێ؟ کە لە کاتێك دا لە ناو ئەو پرۆژە یاسایە نیە، خۆ ئەگەر دواتر پرۆژەیـەکی تـر لـە لایـەن حکومەتەوە، حکومەتی کابینەی نوێوە پێشکەش بکرێت و، ئـەو وەزارەتـی هەرێمانـە بگەڕێنرێنـەوە، ئـەوە ئەو ئەسباب موجەبەیەی پرۆژەکەی ئەمان وەکو ئەوەیە نەبووبێ، چونکە لـە جیـاتی تەرشـیقی حکومـەت، قەڵەوی ئەکەین بە زیاد کردنەوەی ئەو وەزارەتانە، پشتگیری ئەو ڕایەش ئەکەم کـە هەنـدێ لـە هاوڕێکانم، ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، گرنگـە وەزارەتـی ژنـان قسـەی جـددی لەسـەر بکـەین، بـیری لێبکەینـەوە، چونکە ئەو گلەییەی کە جەماوەری ژنـان و ڕێکخراوەکـانی ژنـان لـە کابینـەی پێشـووی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هـەیانبوو، ئـەوەبوو کـە مەسـەلەی ژنانیـان لـە نـاو وەزارەتێکـی هـەرێم دا قـەتیس کردبـوو، کـە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو، کە نەیتوانی هیچ لە کێشە و، با بڵێین پرسی ژن لە هەرێمی کوردستان دا بباتـە پێشەوە، بۆیە گرنگە وەزارەتێکی تایبەتی هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو ڕایەم هەیە کە ئاسایشی گشتی لەگەڵ پاراستن و، هەروەها ئەو وەزارەتانەی کە هەڵوەشێنراونەتەوە، سەر بە چ وەزارەتێك بن، ئایا کاروباری ژینگە؟ یاخود ماڤی مرۆڤ؟ یاخود ئاسایشی گشتی سەر بە چ یەکێك لەو وەزارەتانە ئەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ من گلەییم هەیە، ئەوڕۆ سێ جار منت فڕێ دایە دواوە، من قسەم بەس لەسەر نوقتەی سێیەم هەیە، وەزارەتی ناوخۆ بکرێ بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی وەکو خەتوەیەکی یەکەم بە قانون کردنی تەواوی موئەسەسەکان، وابزانم تەفسیراتیان زۆر دا، با سەری برادەران نەیێشێنم، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ کەمکردنەوە و دەمجکردنی وەزارەتەکان دام، بە ئێستاشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم کە وەزارەتی ماڤی مرۆڤ لە وەزارەتەکان لابردراوە و، ژنانیش نە لە وەزارەتەکان دا، نە وەکو وەزارەتێکی سەربەخۆ لەناو ئەو تەشکیلە تازەیەدا نیە، من پێموایە ئەمە پێشێلکردنێکە لەوانە کە نە لە وەزارەتەکانی تر نە وەکو وەزارەتێکی تایبەت بەژنان، هیچ حەقێ بە ژنان نەدراوە لێرەدا، چونکە کێشەیە بۆخۆی ژنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو ئەو ڕێزدارانەی کە قسەیان کرد، ئێستا لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، بۆ وەڵامدانەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێشنیاز و ڕاو بۆچوونەکانی پەیوەندی بە دەمج و ئیزافاتەوەیە، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره باسی پلەی وەزیر کرا، تەبیعی هەر پرۆژەیەك پەیوەندی بە هەر موئەسەسەیەك هەبێت، ئەكید دێتە ئێرە بە پرۆژە یاسایەك، ئەو كاتی ئیمكان هەیە لێرە پەرلەمان پلەی وەزیر بدات بە سەرۆكی ئەم دەزگایە یان نەیدا، بە نیسبەت وەزارەتەكانی هەرێم، تەبعەن ئێمە كە دەڵێین (تلغى المادة التاسعة من قانون) ئەنجومەنی وەزیران، بە تەئكید هەموو وەزاراتی هەرێم لەوێ هاتیە، مەعنای ئەوەیە وەزارەتەكانی هەرێم هەمووی بە ئیلغا كردنی مادده (9) ئیلغا دەبێتەوە و، ئەو وەزارەتانەی كە ئێستا خوێندمانەوە جێگایان دەگرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی ئاسایش، ئێمە ئێستا ناوی وەزارەتی داخلیە لە پرۆژەكە دا هاتووە، ناكرێ بەسەر پێی یەك بتوانین ئیزافاتێك بكەین، ئاسایش ئیزافە بكەینە سەر وەزارەتی داخلیە، ئەگەر لە موستەقبەل پرۆژەیەك هات، چۆنیەتی تەعامول كردن لەگەڵ ئاسایش هاتە ناو پەرلەمان، ئەو كات ئێمە دەتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە بكەین و، لە دەورەی دووەمیش دا پرۆژەیەك ئامادە ببوو، بۆ یەكگرتنەوەی هەردوو ئاسایش و، ئێستا پرۆژەكە لە پەرلەمانە و، لە لیژنەی یاسایی هەیە و، ڕەنگە لە لیژنەی یاسایی گفتوگۆشی لەسەر كرابێ، ئومێد دەكەین لە ئایندەیەكی نزیك ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم پێشنیارانە هەیە، پێشنیارێك هەبوو كە وەزارەتی ناوخۆ بكرێتە (وەزارەتی ناخۆ و ئاسایشی نیشتمانی)، ئەوە پێشنیارێكە، پێشنیارێكی تر هاتبوو تەندروستی و كۆمەڵایەتی، كە ئەم پێشنیارانەی كە تەسمیەیان لەسەر كرا، تەندروستی و كۆمەڵایەتی، كۆمەڵایەتی بخرێتە سەر تەندروستی، واتا لە یەك بدرێن، پێشنیار كرا وەزارەتی ژنان پێك بهێنرێت، ئەم پێشنیارانە تەسمیە كران، ئەگەر شتێكی تر هەبووبێ لە بیرمان نەبوو حەزئەكەین پێمان بڵێن، كەرەمكە، ئاخر یەك كەس بوو، بەتەنها بوو كەس تەسمیەی نەكرد، لەبەر ئەوە ناخرێتە پێشنیار، ئێستا بەڕێزان كاك حاكم ڕزگار كەرەمكە.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر قسەكەی جەنابی كاك شێروان، ئەفەرموێت ئەمە دوای ئەوەی كە ئەم نەصە تەصدیق بوو، وەزارەتەكانی كاروباری هەرێم ئۆتۆماتیكی هەڵئەوەشێنرێنەوە، ڕاستە ئێمە لێرە (3) وەزارەت، وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوە، وەزارەتی ژینگە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام ئەڵێی ئەو وەزارەتانە هەڵوەشێنرایەوە و چوونە سەر ئەنجومەنی وەزیران، ئەی ئەوان چۆن؟ وەكو بۆ ئەمان لێرە هەڵوەشانەوەی تێدایە، ئەی لەوێش هەڵوەشانەوەی تێدایە؟ ئەی بۆ لێرە بێ دەنگن، لەوێ قسەی لەسەر كراوە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی پەرلەمانتاران، ئێمە ئەگەر تەماشای پرۆژەكە بكەین، كە پێشكەشی پەرلەمان كراوەتەوە، داوامان كردیە، پێشنیارمان كردیە، كەوا ماددەی (9)ی هەمواركردنی (7)ەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەموار بكرێت، بەو شێوەیەی كە تازە خوێندرایەوە و موناقەشەی لەسەر كرا، ئەگەر مولاحەزەی فەقەرەی (ب) بكەین، فەقەرە (ب) ئۆتۆماتیكیەن لەغوو بوویتەوە، دەڵێ دەكرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێكی هەرێم بگرێتە خۆ، واتە وەزیرەكانی هەرێم نەمان، بۆ زیاتر تەوزیح كردن، تەبیعی لە كابینەی پێشوو (27) وەزارەتی فعلی هەبوو بە پێی یاساكە، (8) وەزیری هەرێم هەبوو، (4) وەزیری هەرێم هەبوو بۆ دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ، داد، كۆیان (39) وەزارەت بوو، یەك وەزیر، (رئیس وزراء) سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، یەك جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، واتە كۆی وەزارەتەكان بە سەرۆك و جێگرەكەشی (42) وەزارەت بوو، ئێستا بەوەی كە (10) وەزارەت دەمج كرا، بووە (5) وەزارەت، لەوانە وەزارەتی نەقل و ئیتیصالات، زراعە و مەواردی مائی، ثقافة و الشباب، بلدیات و سیاحە، تجارە و صناعە، (10) وەزارەت بووە (5) وەزارەت، كە بەو شێوەیە تەصدیق كرا لە پرۆژەكەی یەكەم و، (3) وەزارەتی ئیلغا كرا لەوانە، وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەزارەتی كاروباری دەرەوەی هەرێم، وەزارەتی ژینگە، وەزارەتەكان حەصر كران ، ئێستا بە گوێرەی ئەو پرۆژەیەی بە (19) وەزارەتی فیعلی، واتە وەزارەتی هەرێم هیچ نەما لە پرۆژەكە، ئەو پێشنیارانەی كە ئەوڕۆ پێشكەش كرا، بە زیاد كردنی وەزارەتێك، ئەوە دەبێ بدرێتە دەنگدان، جا ئایا قبوڵی دەكەن ئەندامانی پەرلەمان؟ یان قبوڵی ناكەن؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**نوقتەی نیزامی، كەرەمكە.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ژمارە (14) وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، زیندانی سیاسیشمان تەرح كردبوو، وابزانم دوو كەسیش بووین یەك كەس نەبوو، موقتەرەحەكە زیندانی سیاسی بۆ زیاد بكرێ لە ژمارە (14)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك فرست موداخەلەیەكی قانونی هەیە، كەرەمكە.**

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوە ڕای منە، ئیحتیمال هەیە من غەڵەت بم، من ئەڵێم ئیستیحداسی وەزارەتێك بە موقتەرەحەكی شەفەوی نابێت، لازمە پرۆژەی لەگەڵ بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بۆ ئەو وەزارەتانەی كە لامان داوە، دەمج كراوە، ئیلغا بووە، هەبووە، ئەگەر بۆ ئەو وەزارەتانەی كە ئەتانەوێ زیاد بێ لە ئایندەیەكی نزیك، (10) ئەندامی پەرلەمان پرۆژەی خۆی حازر بكات، بیداتە سەرۆكایەتی، ئەیخەینە بەرنامەی كارەوە، موناقەشەی لەسەر بكەن، پەسند كرا، ئەوجا حكومەت مەجبوور**

ئەكرێ ئیزافە بكرێت، بەڵام ئێستا ئەوها ئیزافەی بكەین بە موفقتەرەحێك، هیچ پرۆژەیەكی نیە، كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی كە من تێگەیشتووم، ئەمڕۆ دانیشتنەكەمان بۆ ئەوەیە كە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە بكەین، بە زیاد كردن و بە كەم كردن و بە ئیلغا كردن و بە قبوڵكردنی هەموویەوە، ئەگەر ئەوەش ئەخەینە پرۆژەیەكی كە، یا وەكو ئەوەی پێشتریش كاك شێروان ئیشارەتی پێدا، كە لە داهاتوودا پرۆژەیەك تەقدیم بكەین بۆ ئیزافەی ئاسایشی نیشتمانی، كەواتە حیكمەت لەم دانیشتنە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەسەلەی وەزارات مەسەلەیەكی گرنگە، یەعنی فعلەن منیش لەگەڵ كاك فرستم، بەو سەر پێی یە ئێمە وەزاراتی تازە دابنێین، ئیستیحداسی وەزارات بكەین و دەمجی وەزارات بكەین، ئێستا حكومەتی ڕاسپێردراو دەڵێ من دەتوانم حكومەتێك پێك بێنم و، گۆڕین لەسەر حكومەتی پێشتر بكەم كە (41) وەزارەت بوو، بیكەمە (19) وەزارەت بەم شێوەیەی كە لە پرۆژەكەدا هاتووە و، پرۆژەكەش بە هەماهەنگی دیسان تەئكید دەكەمەوە، بەینی ئێمە و بەینی حكومەتی تازە دانراوە، بۆیە بە قەناعەتی من ئێمە تەحمیلی حكومەتەكە بكەین لە تاقەتی خۆی زیاتر وارد نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان كەرەمكە، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ وەكو چۆن زیاد كردن و كەمكردن و بەسەرپێی نابێ، كە زیادكردن بەسەر پێی نابێ، پێموایە ئەم دەمج كردن و شتەش ئێمە لە پرۆگرام دا قەرارە (48) سەعات پێش كۆبوونەوەكان بەرنامە لەبەر دەستمان بێ، بەس مع الاسف (24) سەعاتیش پێشتر لەبەر دەستم نەبوو، مادام ئەو پرۆژانە درەنگ هاتۆتە بەر دەستمان حەقی خۆمانە، بەڵێ من دوێنێ تا سەعات (12) لێرە بووم، لە سندووق دا كارنامەی تیانەبووە، لەبەر ئەوە كاتێك كە باس لە وەزارەتێك دەكرێ، وەزارەتی (شؤون المرأة)مان هەبوو پێشتر، وەزارەتی كاروباری ژنان، حەقی خۆی بوو ئێمە زیاتر قسەی لەسەر بكەین، لە ئیلغاكانیش دا ناوی نەهاتووە چونكە چۆتە زمنی وەزیرە بێ وەزارەتەكانەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە یەعنی حەقی خۆمانە ئێمە قسە بكەین لەسەر ئەوە.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مەفهومە قسەكە، كاك د. أحمد، نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پێموایە ماڧی ئەندامانی پەرلەمانە كە موناقەشەی هەر پرۆژەیەك بكەن كە دێتە بەردەستیان بەڕاستی، ئێمە لە پرۆژە یاسای زیادكردنی لیژنەكانی پەرلەمان، هەموو لێرە موناقەشە كرا، ئەوەی كە پێشنیار كرابوو بۆ (18) لیژنە بوو، كە بوو بە (19) لیژنە، دیارە ماڧی ئەندامانی پەرلەمان بوو كە قسەیان لەسەر كرد و لیژنەكانیشیان زیاد كرد، ئەم پرۆژەیەش ماڧی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەگەر دەنگی بە دەست نەهێنا زیاد و كەمەكە ناكرێ، بەڵام حەقی ئەندامانی پەرلەمانە ئەگەر نا هیچ حیكمەتێك نیە لەوەی كە بێتە بەردەمیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی كە باس كراوە ئیزافە بكرێ تەنها وەزارەتی ژنانە، وەزارەتی ژنان پێشتر وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان، هەیئەیەكی هەیە جگە لەوە كۆمەڵێك پرۆژەیان ئامادە كردووە، ڕاستە لەبەر ئەوەی كە بودجەیان نەبووە و كارەكانیان نەچۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەڵام ئەساسێكی هەیە، لەبەر ئەوە ئەمە قورس كردنی بار نیە لەسەر حكومەت و، ئەمە مەسەلەیەكە یەعنی بەڕاستی گرنگی هەیە، ئێمە هەر هەموومان هاواری ئەوە بكەین ژن كێشەی هەیە و ژن پێویستی بەوە هەیە هاوكاری بكرێ، یەعنی ناكرێ لە مەسەلەیەكی وادا ئێمە وابزانین ئەمە ئەرك خستنە سەر حكومەتە، بە مەرجێك شتە ئەساسێكی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە مابەینی ئیدیعا كردنی تەرشیقی حكومەت و قەڵەو كردنی حكومەت سەرمان لێ شێوا، ئێستا نازانین قەڵەوی بكەین یان زەعیفی بكەین، ئەوەی كە هەیە ئێستا بە صەراحەت جاری پێشووش وەزیری هەرێم هەبوو، لە پاش ماوەیەكی زۆر كرا بە وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان، پاش مودەتێكی زۆر و، لە ناو ئەو ئەنجومەنی وەزیرانە هەیئەتێكی باڵا هەبوو، ئەو هەیئەتە باڵایە سیاسەتی دائەڕشت بۆ بەرەو پێش بردن و چاكردنی وەزعی ژنان، ئێستاش جارێكی تر داواكاری من لەو خوشكانەی كە لەگەڵمانن لە ناو پەرلەمان

دا، ئێمە پرۆژەیەك پێشكەش بكەین، چ بە وەزارەت بێ، چ بە دەستەیەكی باڵا بێت، وەكو چۆن مافی مرۆڤ، داوا ئەكەین ئەڵێن ئەبێ دەستەیەك هەبێ ڕەقابی بێت، كاروبارەكان ئاگادار بێت، بەهەمان شێوە داوا ئەكەین كە دەستەیەك هەبێ، كاروبارەكان ڕەقابی بێ، لە گەڵیدا ئەو ڕەوشەی كە ژن ئەمڕۆ تیایەتی، چاودێری بكات و حلولی بۆ بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە ئەتوانین بە شێوازی دەستە ئێمە چارەسەری بكەین، یاخود هەیئەی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كەرەمكە.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانمان دەركردووە، بە پێی ئەم پرۆژە یاسایە ئاسایش ناوی نیە، باشە ئاسایش كە ناوی نیە، كەواتە ناقانونیە، ئەی كێ ڕێگەی پێداوە بیكاتەوە؟ ئەگەر ناقانونیە و ئەكرێتەوە، كەواتە منیش سبەینێ حزبێك دروست دەكەم ئەچم ئاسایش ئەكەم و كەسیش بۆی نیە قسە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، كەرەمكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستاش لەگەڵ تەرشیقی حكومەتداین و، پێموا نیە (29) بۆ (19)، ئەمە شتێكی زۆر هینە، ئێمە داوامان كردووە كۆمەڵێك وەزارەت لابرێ، دیارە لە دەنگدان دا سەركەوتوو نەبووین، داوامان كردووە كۆمەڵێك وەزارەت دەمج بكرێ، دیارە لە دەنگدان دا سەركەوتوو نەبووین، بەڵام كە (19) وەزارەت هەیە، بە وەزارەتێكی دیكەش حكومەت قەڵەو نابێ و تەرشیق نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو نوقتە نیزامیانەی كە ووترا، ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئاسایش من جوابم داوە، تەبعەن ئێمە ئەگەر هەیكەلیەتی وەزارەتی داخلیە هاتە ئێرە، ئێمە دەتوانین لە زمنی هەیكەلیەتەكە موناقەشە بكەین، بەڵام ئێستا ئێمە لەسەر ناوی وەزارەتەكەینە، ئەوە یەك، دوو: بە نیسبەت خاڵەكانی تر كە ئیسارە كرا هەمووومان وەڵام داوەتەوە ، بە نیسبەت وەزارەتەكانی تریش، یەعنی من نازانم دەمەوێ ئەوە بڵێم، یەعنی ئەمە ڕەئی حكومەتە لە لایەن پەرلەمانەوە تەبەنی كرایە بەو پرۆژەی كە ئێستا لەبەردەممانە، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر پرۆژەیەكی تر هەیە تەقدیم بكرێ، با

بۆ حکومەت بنێردرێ، ڕەئی چیە؟ نەك ئێستا ئێمە باری حکومەت قورس بکەین، وەزارەتێکی تری لەسەر زیاد بکەین، بەڵام ئیمکان هەیە ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، فلان وەزارەتیان دەوێ یان فیسکە وەزارەتیان دەوێ، بنێرین بۆ حکومەت، بزانین حکومەت دەتوانێ موستەلزەماتی ئەو وەزارەتانە جێبەجێ بکات، کەی ڕەئی هاتەوە ئەوجا، ئەمما بە بێ ڕئی حکومەت، بەڕاستی چ مەنتیقە و چ مەعقولیشە ئێمە موناقەشەی وەزارەتێك بکەین کە ڕەئی حکومەتیشمان وەرنەگرتبێ و، ئەوە پێشتریش وا ڕۆیشتینە و، لە دەوراتی پێشتریش هەر بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، چونکە ئێمە خۆمان دەڵێین مەسەلەی زیادکردنی هەیئات، مەسەلەی داراییەکانی دەوێ، بزانین حکومەت لە ڕووی داراییەوە دەتوانێ ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکات، یان ئەم ئیحداسیە تازەیە جێبەجێ بکات، یان نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە قسەکان دا وا دەرئەکەوێ حکومەت هەرچیەك بڵێ، ئێمە بڵێین (لبیك)، چونکە ئێمە لێرەدا موناقەشە ئەکەین.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن حکومەت لێرە نیە، پرۆژەیەك تەقدیم کراوە خوشکی من، ڕەئی خۆت بە وزووح بدە، بەڵام هێشتا حکومەتی قورپەسەر دانەندراوە، هجوم مەکە سەری، ئەمە لیژنەیەکە، جەماعەتێکە، ئەندامی پەرلەمانن، ڕەفیقی جەنابتانن، پرۆژەیەکیان تەقدیم کردووە، بۆ تەعدیلی ئەو قانونەی پێش ئێستا هەبوو، بۆ ئەوەی حکومەتمان دەست بە کار بێ، تەصریف ئەعمال نەبێ، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو من قەصدم ئەوە نیە حکومەت ئیتیهام بکەم، بەڵام قسەکانی کاك شێروان ئەوە دەردەخا کە حکومەت ئەو پرۆژیەی هێناوە ئێمە ئەبێ هەر ئەوە موناقەشە بکەین و لە دەرەوەی ئەو مەوزووعە دەرنەچین، بەڵام وەزارەتی ژنان کە ئێمە ئێستا باسی لێ دەکەین، ئەم وەزارەتە وەکو خوشکان باسیان کرد کوێستان خان و سۆزان خان ئەم وەزارەتە بە ناوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان بووە، یەعنی ئێستا تۆ کێشەت نیە میزانیەی بۆدائەنێیت و شتی بۆ دابنێی، بەڵام من داوا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە و کۆتایی پێ بێ ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به داخەوە، خاڵی پێشوو نیزامی نەبوو، نوقتەی پێشوو نیزامی نەبوو، بۆ ئەوە دەستم بەرز كردەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تەفسیر بۆ ئەم مەسەلەی ئاسایشی نیشتمانیەكە لە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە بە جۆرێكی تر، تەنها حەصركرا لە وشەی ئاسایشدا، من مەبەستم ئاسایشی نیشتمانی بوو كە ئاسایشی ئاو دەگرێتەوە، ئاسایشی ئیقتیصادی دەگرێتەوە، هەموو ئاسایشەكانی هەرێم دەگرێتەوە، بۆیە من ویستم دەسەڵاتەكانی وەزارەتی ناوخۆ بەڕاستی زیاتر بكەن، نەك تەنها مەبەستم بەس لە وشەی ئاسایش بێ، یان ئەجانسێك بێ، یان هەواڵگری بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەصەور ئەكەم باس كردن لەسەرمەسەلەی ژنان هەندێ جار بووە بە ئەركی سەر شانی خۆم، ئێمە ئەو قسانەی كە كاك شێروان كردی لە مەسەلەی خەلفیات و مولابەساتی ئەم قانونە وازحن، بەڵام من دەنگم دەخەمە سەر دەنگی سۆزان خان و كاك گۆران، بەوەی كە ئێمە ئەگەر بكرێت لەو قانونە بڕگەیەكی تر ئیزافە بكەین، بڵێت ئەو بوارانەی كە كاری وەزارات بوون و ئەو وەزارەتانە دەمج بوون، یان ئیلغابوون، بە ڕێگای كۆمسیۆنی باڵا، دەستەی باڵای سەربەخۆ ڕێك ئەخرێن، ئەگەر پێویست بوو لەبەر زەروورەت، تاوەكو هەموو سوئالەكان وەڵام بدرێن، باسی مافی مرۆڤ و كۆمەڵگای مەدەنی و كاروباری ژنان و ژینگە بكەین، من تەصەور ئەكەم بەوە ئەم ئیشكالیەتە حەل ئەكەین و، وا دیار نابی یەك لە ئێمە لەگەڵ مافی ئافرەتن و گرنگی ئەوە و، هەندێك لە ئێمە چونكە لەگەڵ ئەوە نین وەزارەتێك بە ناوی ئافرەت نەبێت، واتا ئێمە گرنگی نادەین بە ئەوەی ئافرەت، بۆیە پێشنیار ئەكەم ئەگەر بكرێ تەئیدی، هەر باسیان كرد هەردوو ئەو بەڕێزانەش، وەكو پێشنیارێك ئەگەر ئێمە بڕگەیەك لە ئەو مەشرووعە یاساییە ئیزافە بكەین، بزەبت ئەو ئەركانەی كە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنی چەند وەزارەت، یان لكاندنی بە وەزارەتی تر، ڕێك ئەخرێن بە هۆی كۆمسۆنێكی باڵا، یان دەستەیەك و، ناوەكان بڵێن یان نەڵێن، پێشنیارەكەم ئەمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان موناقەشەیەكی دوور و درێژ كرا، بۆ هەمووتان ڕوون بوو، ئێستا ئەو موقتەرەحاتانەی لەبەر دەستمانە، چوار موقتەرەحە، هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە، ئێوە قەرار ئەدەن و، دەرگاش

دانەخراوە، چوار ساڵتان لە پێشە، ئەتوانن پێشنیارو مەشاریعی تر بێنن، شت ئیلغا بکەن، شت دابنێن، بەڵام ئێستا پێشنیارێك کە تەسمیەی لەسەر کرابێ، وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی، وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و زیندانانی سیاسی، وەزارەتی ژنان، ئەم چوارە دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە، من و سۆزان خان و کاك عبدالسلام، ڕەئیەکمان هەبوو، پێشنیارەکمان هەبوو، کە سێ کەسین حەقە ئەویش بکرێتە ڕەئیەك، کەوا ئەوەی ژنان و مافی مرۆڤ کە ناویان نەهاتووە، لە ماددەیەکی سەربەخۆ لە شێوەی هەیئەی موستەقیل لە ئایندە دا دابمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆزگە ئەوە لە قانونەکەی پێش ئێستا وترا، بتانوتبایە، ئەو دەربازبوو چاوەکەم، ئەتوانن پاشان پرۆژەیەك حازر بکەن، وەکو ئەم پرۆژەیەی ئێستا هێناوتانە، ئەوەی لە مێشکتانە بینێرن، بۆ ئەوەی لێرە موناقەشە بکرێ، ناکرێ، سوپاس، بەڕێزان ئێستا پێشنیاری یەکەم ئەخەینە دەنگدانەوە، کە زۆر وازح بوو پێویست ناکات جارێکی تر قسەی لەسەر بکەین، پێشنیارێك هات، وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی، بەو شکلە بێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە (وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی) تکایە دەستی بەرز بکات؟ (33) کەس لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیارە وەربگیرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەنها وەزارەتی ناوخۆ بمێنێت، وەك خۆی کە لە پرۆژەکە هاتووە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا وەك خۆی بمێنێت، پێشنیاری دووەم: کۆمەڵایەتی بخرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (23) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ زۆرینەی دەنگ لەگەڵ دا نیە، بۆیە ئەوەش قبوڵ نەکرا، پێشنیاری سێیەم: وەزارەتێك بۆ ژنان ئیزافە بکرێت، نوقتەی نیزامی کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پرسە من پێم وایە جەنابت ئیجازە بدەی ئەوەی پێی باشە ببێ و ئەوەی پێی باشە نەبێت، چونکە کاتێك ئەگەر ئێمە لەوانەیە من لەگەڵ ئەوە بم وەزارەتێك نەبێت، بەڵام بەو مانایە نیە کە من دژایەتی مافی ئافرەت دەکەم.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئێستا ڕوونکردنەوە بۆ ئەم خاڵە ئەیدەینە دوو برادەر، دوو خوشك، ئەوەی کە لەگەڵە ببێت و ئەوەی لەگەڵە نەبێت و بۆ نەبێت؟ ڕوونی بکاتەوە، خوشك بێ یان برا بێت، پێش ئەوەی ڕەئیتان بڵێن، کاك عمر نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو بابەتە نەخرێتە دەنگدانەوە، لەبەر چەند هۆکارێك، یەك: وەکو بەڕێزانی لیژنەی یاسایی ئاماژەیان پێدا کاك فرسەتیش ئاماژەی پێدا، ئەو پرۆژەیە دەبێت لەلایەن (10) ئەندام پەرلەمانەوە، ئەو وەزارەتە، وەکو پرۆژە بێتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان دواتر دەڕواتە سەر لیژنەی یاسایی و موناقەشەی تێری لەسەر بکرێت، خاڵی دووەم: ئەوەی پەیوەستە بە ئەو وەزارەتە و ئەو کابینەی کە پێشکەش کراوە، ئێمە (10) ئەندام پەرلەمانی بەڕێز، پێشکەشمان کردووە پرۆژە یاساکە و، لەسەر ئەو ئەساسەش بووە کە بە پێی ئیستحقاقی ئینتخابی لیستی کوردستانی و چەند لیستێکی تر موکەلەفن، دوو کەس تەکلیف کراون بەوەی کەوا حکومەتی ئایندە پێك بێنن، کابینەی شەش، ئەو دوو بەڕێزە داوایان کردووە و لە ڕێگەی ئێمەوە ئەو پرۆژەیە پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بڕیارمان دا بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەتوانن هەموو پرۆژەکە رەفز بکەن، ئەتوانن قبوڵی بکەن، ئەتوانن گۆڕانکاری تێدا بکەن، ئەتوانن پێشنیاری تازەش بکەن، ڕێزدار سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، جارێکی تر ئەیخەمە ئەو بابەتە، کە نەوەکو وا تەصەور بکرێت، خاصەتەن من خۆم ژنم و دژی مەوزوعی ژنان بم، یەعنی حەز ناکەم ئەو تەفسیرەی بۆ بکرێت، داکۆکی کردن لە مافی ژنان و لەو قوربەسەریانەی کە ژنی کورد هەیەتی، واجبی بە ژن و پیاوەوە هەیە، یەعنی ئەرکێکە لەسەر ژن و پیاوی ئەم کۆمەڵگایەیە کە بیکات، بەڵام ئێستا جارێکی تر قسەکانی کاك بەڕێز عمر صدیق دەکەمەوە، ئەم پرۆژەیە ئێمە (10) ئەندامی پەرلەمان ئیمزامان کردووە، وەکو لیستی کوردستانی وجهەت نەزەری ئەو دوو کەسەیە کە تەکلیف کراون بە دروست کردنی حکومەت، تۆ ئیستیحداسی وەزارەتێکی تازەیە، چونکە ئێمە وەزارەتی هەرێممان هەبووە بۆ کاروباری ژنان، ئەصڵەن خۆی وەزارەتی هەرێم بووە و دوایی کراوە بە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان، لەبەرئەوە من داواکارم لە بەڕێزت کە ئەمە نەخرێتە دەنگدانەوە، پرۆژەیەك پێشکەش بکرێت بە (10) ئەندام ئیمزا بکرێت، من لە پێش هەمووانەوە ئیمزای ئەکەم، بەشەرتێك پرۆژەکە حازر بێت، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد وتی: بۆ دانیشتین موناقەشەمان کرد (18) لیژنەمان کرد بە (19)، لیجانی ناو پەرلەمان کاری نیزامی داخلی خۆمان بووە، ڕێکخستنی کاروبارەکانی خۆمان بووە، ئەمە هی حکومەتە و نوێنەری حکومەت لێرە نیە، تاوەکو دابنیشێت قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکات، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم، من خۆم یەکەم کەس دەبم کە تەقدیمی پرۆژەی وەزارەتی ژنان دەکەم، یەکەم کەسیش دەبم ئیمزای دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، نوقتەی نیزامی هەیە کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەوە نەخرێتە دەنگدانەوە، چونکە کەسێك ئەگەر موافق نەبوو یەعنی دژی ژنان دەوەستێت، ئێمە لە پێش هەمووانەوە لەگەڵ پرۆژەیەك داین کە لە مەصلەحەتیان دابێت، بەڵام لێرەدا دەپرسم ئەگەر دەمانەوێ وەزارەتێکی تر بە ناوی ژنان ئیستحداس بکەین، دوو وەزارەتمان ئیلغا کردووە، یەکیان وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان و یەکیان وەزارەتی مافی مرۆڤە، ئایا ژنان و پیاوان هەردووکیان لە وەزارەتی مافی مرۆڤ دا موشتەرەك نین؟ ئەمە بۆ ئیلغا دەکەین؟ بۆ یەکێکی تر ئیستیحداس دەکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعقیبم لەسەر قسەی ئەو سێ بەڕێزەیە کە دەڵێن نەخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە موناقەشەی ماددەیەکمان کردووە، بە پێی نیزامی داخلی هەر چ پێشنیارێك کە دەکرێت دوو کەس پشتگیری بکات ئەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ناکرێت تەفسیری ماددەکان، تەفسیری ئەحکامەکانی قانونی هەڵبژاردن و نیزام داخلی بە پێی مەصالح بکرێت، ئەوە لە نیزام داخلی دا تەسبیت کراوە، ئێمە یەك ماددەیە باسی دەکەین، ماددەکە بووە بە چەند بڕگە و فەقەرەیەك، هەرچ کەسێك پێشنیار دەکات دوو کەس بە پێی نیزامی داخلی پشتگیری بکات دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ئەگەر بە خیلافی ئەوە ئیش بکرێت، یەعنی ئێمە خۆمان لەناو خۆماندا نیزام داخلیمان شکاندووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کە شتێك بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە موناقەشە هەڵناگرێ، جەنابت بڕیارت دا مەسەلەی وەزارەتی ژنان بخرێتە دەنگدانەوە و، گفتوگۆی لەسەر بکرێ، دوو کەس لەو بەرەدا قسە بکەن، دوو کەسی بەرەکەی تر قسە بکەن و، ئەوەیشی......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر نورەدینی، دیفاع بکە، چونکە ئێمە سێ کەس قسەی کرد لەسەری، پاش ئەوە پێشنیارێك هات، ئەوەی لەگەڵ بوو، دوو کەس لەگەڵ بوو، دژی نیە، نا، نا، دژی وەزارەتیش نیە، ئیحتیمالە بە شێوەیەکی تر بیەوێ، کەرەمکە فەرموو، پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەکردن لەسەر بوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان، با ئێمە نەیگێڕینەوە بۆ ئەوەی کێمان لەبەرەی داکۆکی کردنین لە ژنان؟ کێمان لەبەرەی داکۆکی نەکردنین لە ژنان؟ ئێمە قسە لەسەر کرۆکی مەسەلەکە بکەین، مەسەلەی ژنان، یەعنی ئەبێ ئێمە ئەو واقیعە بزانین، ژن لەم کۆمەڵگایە دا ئەوەی کە وەکو مرۆڤ، وەکو پیاو ئەچەوسێنرێتەوە، ئەمە جۆرێکە لە چەوسانەوەکەی کە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و لە وەزارەتی پێشوو تر، لە وەزارەتی تەندروستی و لە وەزارەتی ناوخۆ و وەکو هەموو تاکێکی کورد چەوسانەوەی لەسەرە، بەڵام جۆرێکی تر چەوسانەوە لەسەر ژنە بە تەنیا لەبەر ئەوەی ژنە، لەبەر ئەوەی کە ڕەگەزی مێیە ئەچەوسێتەوە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، قانونی ژنان کە دەرئەکەن، چی ئەنووسی بنووسە، ئێستا وەکو خوشکێکی باش، ئەندامی پەرلەمان، ئەتەوێ وەزارەکە هەبێ؟ دیفاع لە وەزارەکە بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو، دیفاع لەو وەزارەتە ئەکەم کە بمێنێ، چونکە وەکو باسم کرد، ئێمە وەختی خۆی لە کابینەی پێشووتر گلەییمان ئەوەبوو کە وەزارەتی هەرێم بوو، ئینجا ئەگەر بیکەیتە هەیئە، بچووکتر ئەبێتەوە لە ڕووی دەسەڵاتەوە، نەك لە ڕووی فەزییەکەوە، ، کۆمەڵێ مەسائیلی یاسایی هەیە، ئەگەر وەزارەتێکی نەبێ لە شوێنێکی تردا، بە بچووکی ئەمێنێتەوە، چارەسەری تەواو ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەکەم لە دروستکردنی وەزارەتێکی لەو شێوەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من خۆم بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندو تیژی دژی ژنان بووم، لە هەرێمی کوردستان دامەزرێنەری یەکەم بەڕێوەبەرایەتیش بووم، هەموو ئامارەکان و دۆکیومێنتەکان لە لامە، کە چی ڕوو دەدا لە وڵاتی ئێمە و چەند مافی ژنان پێشێل دەکرێ، بوونی وەزارەتێکی ئاوها بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ستراتیژ و بەرنامەی کارو پەنجە بخەنە سەر ئەنجامەکان، بەڕاستی کاریگەریەکی زۆری هەیە، بۆیە من پشتگیری لێ دەکەم و، هەروەها ئێمە تا نەتوانین ئازادی ژن دابین بکەین بەڕاستی ناتوانین ئازادییەکانی پیاویش بەرجەستە بکەین، دابینکردنی ئازادییەکان و مافەکانیش بۆ ژنان ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هەموو پیاوێکەوە هەیە، پەیوەندی بە هەموو منداڵ و خێزانێکەوە هەیە، کە بەڕاستی لە داهاتوودا ئێمە ئەمانەوێ کۆمەڵگایەکی

پێشکەوتوو دروست بکەین، پێویست ئەکات وەزارەتێك هەبێ کە بتوانێ لەو کێشانە بکۆڵێتەوە و خۆیان بۆ خۆیان حەلێك بۆ کێشەکانی خۆیان دابنێن لەو وەزارەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نورەددینی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمد أمین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی مافی ئافرەتان و ژنان، مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگای کوردەوارییە، هەمووومان بڕوامان بەوە هەیە کە گرنگیان پێ بدرێ و مافە ڕاستەقینەکانی ئەوان دابین بکرێ لە هەرێمی کوردستان، لە ڕابردووشدا بەو ئاراستەیەدا، هەم لە ڕووی بوونی پڕۆژە یاسا و بە یاسا کردنی مافەکانی ئافرەتان و ژنان، هەم لە داهێنانی موئەسەساتی تایبەت بە بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان و ژنان و هەڵگرتنی ئەو ستەمە کۆمەڵایەتیەی کە لەسەر ئەوان بووە، هەر داهێنان و بەرەو پێشەوەچوونی باش بووە، دەبێ ئەمە لەبەر چاو بگرین و ناکرێ نادیدە بگیرێن، بوونی وەزارەتێك یان نەبوونی وەزارەتێك، بەڕەئی من ئەوە خاڵی جەوهەری نیە لە مەسەلەی بایەخدان بە مەسەلەی مافەکانی ژنان و ئافرەتان بەڵکو دەکرێ ئێمە ئەم پرسە بە شێوەیەکی تر چارەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە ڕابردووش دا کە وەزیر هەبووە، نەك وەزارەت، ئێستا ئەوەی کە هەبووە وەزیر بووە، وەزیری هەرێم بووە نەك وەزارەتی هەرێم، چونکە تەسمیە و موصتەڵەحەکەش لێرە دا دەبێ لێکی جیابکەینەوە، ئێمە بەڕاستی وەکو لیستی کوردستانیش لە ناو بەرنامە و کارنامەی ئێمەدا پانتاییەکی باش، چەندین مادده و بڕگەی تایبەتی تەرخان کراوە بە مەسەلەی بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان و ژنان و بایەخدان بە ئەم پرسە، بۆ ئەوەی ئەم پرسە بە شێوەیەکی وا چارەسەر بکرێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دیفاع لە مافەکانی ئافرەتان و ژنان بکرێ، ئەوەیە کە باس لەوە دەکرێ هەیئەتێکی تایبەت دابمەزرێ وەکو دەستەیەکی باڵا کە لە لایەکەوە جۆرێك سەربەخۆیی هەبێ لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، لە بەرامبەر حکومەت دا، چونکە لەم مەسەلەیەدا هەندێ جاران مافەکانی ژنان و ئافرەتان دەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، هەمیش ئالیەتێك، پەیوەندیەك دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی کە لە ژێر بایەخ و چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا پرسەکە بمێنێتەوە، واتا بوونی هەیئەتێك، دەستەیەکی باڵا تایبەت بە مافەکانی ژنان و ئافرەتان کە دەکرێ هەتا بەرپرسەکەی بە پلەی وەزیریش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هەر یەك تەوزیحم هەیە، ئێمە حەق نیە بە دروشم مامەڵە لەگەڵ پرسی ئافرەتان و ژنان بکەین، چ وەزارەت هەبووە و چ هەیکەلیش هەبووە، بە دەیان بڕیار لەو پەرلەمانە دەرچووە بۆ خزمەتکردنی پرسی ژنان، ئێمە دەبێ بچینە ناوەڕۆکی مەسەلەکان، نەك لە دوای دروشم و لە دوای ناو بگەڕێین، ببێتە وەزارەت یان نەبێتە وەزارەت، ئەمە یەك، ئێستا ئێمە پرۆژەیەکمان ئامادەیە لە خولی پێشوو و، هەموو ئەو ئەندامانەی خولی پێشتر دەزانن سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ئافرەتان، ئێمە محاوەلە بکەین ئەوە تەفعیل بکەین، لە پەرلەمان ئەو جۆرە پرۆژانە بڕوێنین نەك لە دوای ناوێك بگەڕێین لێرە و لەوێ، بتوانین کە گوایە خزمەتی پرسی ژنان دەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەمکە، فەرموو.**

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وابزانم لە نیزامی داخلی خۆمان دا نابێ بانگەشە بۆ هیچ لیستێك بکەین و، ئێمە هیچ دروشمیمان نەداوە بە دەستەوە، ئێمە تەنها داوا دەکەین کە وەزارەتی ژنان بخرێتە ناو دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا خوشکان، برایان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو وەزارەتەی کە پێشنیار کرا بۆ ژنان، ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەم مەرحەلەیە وەزارەتی ژنان هەبێ دەستی بەرز بکات تکایە؟ (35) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نیە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (50) کەس لەگەڵدا نیە، بۆیە وەکو خۆی مایەوە، زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی کاك سلام، کەرەمکە فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە پێش ئێستاش، پاش تەصویت برادەرێك نوقتە نیزامیەکی وت، بەڵام منیش وەکو ئەو گلەییەکم هەیە لە ئێوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من بە شەرمەزارییەوە دەستی خۆم هەڵگرت بەو.......**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕجائەن، باسی ئەو مەوزووعە مەکە، تکایە دانیشە، ڕجائەن.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**........سەرەکی دەنگدان ئەدەین، من حەز ناکەم وا تێ بگەیت ئەمانەی........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**